كەربەلا ؟!» . چەكدارەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردستان، شایی و هەڵپەڕكێی سەركەوتنیان دەكرد، بەڵام ترس و سام باڵی بەسەر خەڵكی شاردا كێشابوو، بەتایبەت كاتێ زانییان لەلایەن حكومەتەوە فەرماندەركراوە، فەرمانبەرەكان شارەكە جێبێڵن، ترسی خەڵك زێتری كرد...

زۆربەی دانیشتووانی شار، دڵنیابوون لەوەی كە ڕژێمی سەددام بێدەنگ نابێ و، پەلاماری شارەكە دەدا، لەبەر ئەوە هەوڵیاندا لە شار بچنە دەرەوە، بەڵام لەهەندێ ڕێگەدا ئێرانییەكان و، لەهەندێ جادە و ڕێگەی دیكەشەوە پێشمەرگە پێشیان لە خەڵكەكە گرت و، گێڕایاننەوە بۆ نێو شار. لێكدانەوەی سەركردەیەتیی حیزبەكان ئەوە بوو، شاری هەڵەبجە و دەوروبەری وەك نێوچە و پێگەیەكی ڕزگاركراو لە ژێر كۆنترۆڵیاندا رابگرن كە خەڵك و ئاوەدانی تێدابێت، كە دیارە ئەوەش بۆچوونێكی نابابەتانە و لەڕووی زانستی جەنگییەوە ساویلكانە و نەشارەزایانە بوو، چۆنكە هەڵەبجە بە پشتیوانیی داگیركەری بەشێكی دیكەی كوردستان ڕزگاركرابوو، نەك بەهۆی ڕاپەڕینێكی جەماوەری و، بە بەپێی ستراتیژێكی نەتەوەیی كە خەڵكەكە بە شەڕی خاك و پارێزگاریی لە نیشتمانی بزانن و، ئامادەی هەرجۆرە هێرشێك بن، هەروەها سوپای عێراق نەتەنێ لاواز نەبوو، بەڵكو لەو سەردەمەدا لەوپەڕی بەهێزیدا بوو. دەبوو بیانزانیبایە، هەروەك چلۆن سوپای عێراق لە بەرەی "بەسرە" و لە "فاو" و قامیشەلانەكانی باشووری عێراق، بە دەیان هەزار سەربازی ئێرانی بەگاز خنكان و، دنیا بێدەنگ بوو، لە كوردستانیش ئەو تاوانە ئەنجامدەدا، بەو جیاوازییەوە كە لە باشووری ئێران هێزی چەكدار تێداچوون، بەڵام لە كوردستان ژن ومنداڵ و مرۆڤی ئاسایی تێدادەچن! دنیای دەرەوەش بێدەنگ دەبێت، چۆنكە دنیای ئازاد، بەهێزبوونی ڕژێمی بنچینەگری ئێران بە سەرۆكایەتیی خومەینی، بە مەترسییەك دەزانن بۆ سەر بەرژەوەندییەكانیان لەنێوچەكەدا...

هێرشی دژەهێرشی عێراق، پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ئازار (ڕەشەمە)، لەگەڵ هێرشی ئاسمانیی كلاسیكی لەگەڵ تۆپبارانكردن لە لەشكرگەی "سەید سادق" دوە، دەستپێكرد. زۆربەی دانیشتووانی هەڵەبجە، لە حەوشە و بەردەركی خانووەكانیان، حەشارگە و كونەتەیارەی سەرەتاییان دروستكردبوو. هەندێ خەڵك چوونە نێو حەشارگەكانەوە، بەشێكی دیكەش لە خەڵكەكە، چوونە نێو حەشارگەی سەربازگەكانی حكوومەتەوە. دیاربوو خەڵكەكە چاوەڕوانیی هێرشی ئاسمانییان دەكرد. لەیەكەم هێرشی ئاسمانیدا، بۆمبای ناپاڵم و فسفۆر بەكارهێنرا. دەنگێكی زۆر گەورە و گڕێكی ئێجگار زۆر و وێرانكەری هەبوو. هێرشی ئاسمانی و تۆپبارانی زەوینی، بێپسانەوە و بۆ ماوەی چەندین سەعات بەردەوام بوو، دەرەتانی هەناسەدان و جموجووڵی بڕیبوو. فڕۆكە بەبەردەوامی بە ئاسماندا دەسووڕانەوە، شەش فڕۆكە دەگەڕانەوە، شەشی دیكە دەهاتنەجێیان.

ئەو كەسانەی كە بەنێو شەقامەكاندا دەگەڕان، توانیبوویان بە ڕۆنی ببینن كە فڕۆكەكان عێراقی بوون، چۆنكە هێندە بە نزمی دەفڕین كە ئالا و نووسراوەكانی سەر فڕۆكەكان دەبینران و دەخوێندرانەوە. لەپاشنیوەڕۆدا، سەعات سێ، ئەو كەسانەی لەنێو حەشارگەكان مابوونەوە، هەستیان بە بۆنێكی نامۆ و نائاسایی كرد. چڕیی هێرشەكە بۆ سەر بەشی باكووری شارەكە بوو- بڕێك دوور بوو لە بنكە سەربازییەكانەوە، هەر چەندە بنكە سەربازییەكانیش چۆڵكرابوون. خەڵكەكە لەنێو حەشارگەكاندا، هەستیان بە هێرشی كیمیایی كرد، لەوەوە ترس و پەژارە دایگرتن. سەرەتا هەوڵیاندا، بە خاولی و پەڕۆی تەڕ، درز و كەلەبەری دەركە و پەنجەرەكان بگرن و خاولی تەڕیان دا بە دەم و چاویاندا و ئاگریان كردەوە، بەڵام كاتێ زانییان ئەوكارانە بێسوودن، هیچ چارەیەكیان نەما جگە لە هەڵاتن بۆ نێو كۆڵان و شەقامەكان نەبێ.

پاش ئاوابوونی خۆر، وردەوردە تاریكی داهات. بەهۆی تۆپبارانی ڕۆژی پێشووەوە، كارەبا پچڕابوو. ئەوانەی وا هێشتا مابوون، لەنێو تەم و مژ و دووكەڵ و ڕۆناكییەكی كەمدا، دیمەنی سامناك و دڵتەزێنیان بەدیدەكرد. لاشەی مردوو – مرۆڤ و ئاژەڵ، لەنێو كۆڵان و شەقامەكان و نێو ئۆتۆمۆبیل و حەوشەی ماڵأن كەوتبوون. ئەوانەی كە مابوون و ئەو دیمەنە سامناكانەیان دەدیت، بە ڕێگەدا دەڕۆیشتن، دەكەوتن و هەڵدەستانەوە. هێندێكیان حەپەسابوون و بە دەنگی بەرز پێدەكەنین، یان دەیانقیژاند و بەملاونەولادا هەڵدەهاتن. بەشێك لەو خەڵكەی وا توانیبوویان خۆیان دوور بخەنەوە، زۆر بە زەحمەت چاویان دەدیت، چاویان دەتگوت دەرزیی تێدایە، میزیان تێكەڵ بە خوێن ببوو. سەرباز و پاسدارەكانی ئێران كە جلوبەرگی دژەگازیان لەبەردابوو، بە پەلە بەنێو شەقامەكاندا تێپەڕبوون و لە شار دووركەوتنەوە...

پاش ئەوەی شارەكە بە تەواوەتی لەلایەن ڕەگەزپەرستان و ئەنفالچییەكانی داگیركەرەوە خنكێندرا ، ئەوجا سەرەهاتە سەر تالانكردنی ماڵ و سامانیان لەلایەن داگیركەری فارسی ڕەگەزپەرستەوە. لەپێشدا پاسدار و